# ئەو شەوانەی کە  بیّ تۆمە

کاوەی خەسرەو کاوانی

ئەو شەوانەی کە بیّ تۆمە
ساردتر لە شەوانی چلەی زستانی کۆیستانەکانە
بیّ رەنگتر لە رەنگی مردووم ,
دیّم و رۆحم بە هەسانی خەیاڵەکانی تۆ دەسووم ,

★ ★ ★

تاکو زیاتر بیرم لە تۆ بکەمەوە
گوورتر عیشقت
خۆی بە نیّو دەروونما دەکشیّ ,
هیّندە دلّم ناسك و گرینۆك بووە
لەگەڵ هەر خەمیّکی تۆ دا
وەکو لاسکی گوڵە گەنمی
بەر رەشابایێکە و دەشکیّ .

★ ★ ★

تۆ ئەی خاوەن خەمیّ پیرۆز
لەوەتی هەست بە خۆم دەکەم
پیرۆزی خۆت پاراستووە ,
دە پیّم بلّیّ من چیم بەتۆ نەبەخشیووە
ئەو کانەی کە لیّت وویستووە .